# ترسی شۆڕش

ڕەسوڵ سەفەریانی
www.weilan.kurdblogger.com



ڕژیمی ئیسلامی ئێران ماوەی سێ دەیەیە بە زەبری کوشتن و لە داردان و بومباران و مالویرانی و قات و قڕ کردن و گەورەکرنەوە و ئاوەدانکردنەوەی سەرقەبرانەکان و کاول کردن و قەڵاچۆ کرنی گوندەکانی سەر سنورەکان و، دروستکرنی زیندانگەلی جوراوجۆر و بەزیندان کردنی هەموو وڵات،توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا داسەپێنێ.کوشت و بڕەکانی سەرەتای دەسپێکی دەسەڵاتی بە نێوی شەر و بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دژی شۆرش ناوزەد کرد ولە ژێر ئەم سەرپۆش و دەمامکەدا بە هەزاران لە رۆڵە شۆڕشگێڕەکانی ئێران و بەتایبەت لاوان و چالاکانی بواری سیاسی کوردستانی لە خوێندا گەوزان و هەزارانیشی لە ئەشکەنجەگاکاندا پیر و پەک کەوتە کرد. خەڵکی کورد قەت بومبارانەکانی پەیتا پەیتا و قەڵاچۆکرنەکانی لادێ و شارەکانی ساڵەکانی سەرەتایی ئەو رژیمە لەبیر ناکەن،دوور خستنەوەی بنەماڵەی چالاکانی سیاسی و داگیر کردنی ماڵ و سامانی ئەو خەڵکە بەدەس رژیم و جاش و جاشولکەکەنی هێشتا وەک برینێکی تەر و بە سوێ هەر ماون،ئێعدامە بەکۆمەلەکانی بێ لێپرسینەوە و کوێرانە، کە بونە هۆی شەهید بوونی هەزاران کەس لە خەلکی بێگوناحی کوردستان و ئازیەتبار کردنی هەزاران بنەماڵە و لە ماتەمین کێشانی هەموو شار و گوندێکی ناوچە کوردنشینەکان یادگاری دەسپێکی ئەو رژیمەن و قەت ناچنە خانەی فەرامۆشی .ئەو کات کە هێشتا تاو و تینی شۆڕش لە لەشی کۆمەڵگای ئێراندا مابوو ،گڕی شۆڕش هەر بە گوڕ بوو ،خومەینی و تاقمی ئیسلامی هەلپەرەستانە سواری شەپۆلی هەستی دژی ئیمپریالیسمی خەلک بوون و بە هەڵدانی دروشمگەلی بە ناو دژی ئیمپریالزمی ،رواڵەتێکی شۆڕشگێرانەیان بەخۆ دا و ،ئاوەڵناوی دژەشۆڕشیان دایە پاڵ هەموو گروپە سیاسیەکانیتری نێو وڵات، کە لە راستیدا خاوەنان و پێکهێنەرانی شۆڕشی 1357 / 1979 بوون.ئەم تاکتیک و پلانە تا پاش شەڕی نێوان ئێران و ئێراق وەک گەورەترین چەک بۆ وەلانان و پاکتاوکردنی سیاسی لە ئێران لە لایان رژیمەوە بەکار هێندرا. بەڵام لە کوردستان تا هاتنە سەرکاری خاتەمیش ئەو سیاسەتە ژەنگاویە کەڵکی بوو.

ئەگەر سەردەمێک بەبۆنەی هێرشی سەدام و دروستکرنی شەڕێک کە بوو بە هۆ و بەڵگەیەک بۆ رژیمی ئێران کە نەیاران و نارازیان بە ناوی ستونی پێنجم و سەر بە بێگانە ،سەرکوت بکات و جینایەتەکانی لە ژێر تەپوتۆزی شەڕدا داپۆشێ،پاش شەڕ و نیشتنەوەی دوکەڵ و تۆزی شەڕ،جینایەتەکان ولەعنەت ئاوا شاراوەکانی رژیم ئاشکرا بوون و بازنەی نارەزایەتی و دژایەتیەکان لەگەڵ رژیم گەورەتر بوونەوە و لەگەڵ ئەوەش بازنەی بەشدارابووانی دەسەڵات تەنگتر کرایەوەو ، بەشێکی زۆر لە یاران و دۆستانی دۆێنێشیان وردە وردە وەلانران و کەم کەم خرانە خانەی نەیارانەوە و لە درێژەی سیاسەتی پاکتاوی سیاسیدا دەستیاندایە گرتن و زیندانی کردنی هاورێیان و شەریکە جینایەتەکانی دوێنێی خۆیان.

ڕژیم سی ساڵە کە هەستی ئایینی خەلک وەک چەقۆ تیژ و دەمەزەرد دەکات تا بۆ سەرکوتی نارازیان و نەیارانی، بە ناوی جێبەجێ کردنی ئەحکامی ئیسلامیەوە، بەکاری بێنێ و لە خەلکی ئایینی وەک پشتیوان کەلک وەرگرێت. بەڵام ئەمرۆ دەیبینێ کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خۆی،نەک ئەو خەلکە نەبوونەتە پشتیوان بەلکو ئەمڕۆ سەرەکیترین نەخواز و نەیاری ئەون و ئەم دژایەتی و نەیارییەی خۆیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر و بۆنەگەل و هەلە هەڵکەوتەکاندا دەر بڕیوە و بوونەتە هۆی ئەوەی، ترس و دڵەلەرزە سەرتاپێی ئەو رژیمەی داگرتوە. بۆیە دەستی داوەتە شەلم کوێرم ناپارێزم و،هەر رۆژە و هێرش دەکاتە سەر بەشێک لەکۆمەڵگا و جەماعەتێکیان بە تاوانگەلێکی پڕ و پوچ راپێچی زیندان دەکات و لەژێر ئەشکەنجەدا تاوانی نەکردەیان بەسەردا دەسەپێنێ.

ڕژیم بەم هێرشە هەمەلایەنانەی کە هەموو رۆژێ دەیکاتە سەر هەموو توێژ و لایەنەکانی دانیشتوی ئێران، ناراستەو

خۆ ددان بەوەدا دەنێ کە کەسی لەپشت نەماوە و کۆمەڵگا بەتەواوی بووەتە کێوێکی پڕ لە گڕی رق و تورەیی و لە ئان و ساتایە کە ببێتە ئاگرپرژێنێک و بەسەر ئەو رژێمەدا داباریت. لەلایەکیشەوە دەبینێت کە سیاسەتەکانی بۆ سەرکوت و بێدەنگ کردنی خەڵک دارزاوو ناکارامەن و ناتوانێ بەر بە قلم بوونەوەی بگرێت،بۆیە لەسێبەری خۆیشی دەترسێ و هەر چەشنە جوڵەیەک بە بومەلەرزە دەزانێ وهەر داخوازییەک و رەخنەیەک ـ هەر چەن کەم و بچوکیش ـ لەدرێژەی شۆڕشێکدا دەبینێ کە بۆ روخاندنی ئەو لە ئارادایە. جا ئەو شۆڕشە هەر رۆژە و رەنگێک یا جنس و شکلێک بەخۆوە دەگرێت.رۆژێ زردە ، رۆژێ نارنجیە ، زەمانێک دەبێتە مەخمەلی ونەرم و...

رژێمی ئیسلامی حەقییەتی کە بترسێ و خەو بە شۆڕشی رەنگاورەنگی خەڵکەوە ببینێ ،چون ئێستا حاڵی نەخۆشێکی دەمەو مەرگی هەیە کە هەرتاوێک بە شکلێک و رەنگێک مەرگ دێتە بەر چاوی و توشی ورێنەی پێش مەرگی کردوە و هەوڵی بێ ئاکام ئەدات . ئەوەی کە ئەو شۆڕشە مەرگاوییە بە گرتن و لەداردان و ،ئەشکەنجە و تەواب سازی و فیلم دروست کردن لە زیندانیان و داخستنی رۆژنامەکان ،دامرکێت ،خەیاڵێکی خاوە و کەرەسەی کۆن تاقیکردنەوەیە و مایەی ئەوپەڕی بێ هیوایی رژیمە بە مانەوەی خۆی، وەک کەسی لەحاڵی خنکاندایە کە پەلی هیوا بۆ چلە پوشێکیش دەکوتێ.

ئەمڕۆ کورسی سێدارەی رژیم لە هەموو شارەکاندا وەک دوکانی سەلاخی ئینسان سازدراوە و هەر رۆژە و لە توێژێک و بەشێک لە کۆمەڵگا هەڵدەپێچێ و راپێچی زیندان و پاشان سێدارەی بەکۆمەڵیان دەکات.لەمیانەی ئەوانەدا بەشێکی زۆر لە گەنجانی وڵات لەژێر ناوی ئەرازل و ئەوباش دەگیرێن و زنجیرە تۆمەت و تاوانێکیان بۆ ریز دەکات و بەکۆمەڵ بەرەو کورسی سێدارەیان دەبات.ئەو هەموو تاوانانە کە بۆ ئەو گەنجانە ریز دەکرێت ناکرێ و ناشێت کە لە ماوەیەکی کورت و یەکشەوەدا ئەم گەنجانە توشی بووبێتن .ئەی بۆچی رژیم پێشتر باسیانی نەکردوە و دەستیانی ئاوەڵا کردوە و بێدەنگی لێهێناون.یان رەنگە ئەمانە هەر ئەوانە بن کە رژیم بۆ سەرکوت و تێکدانی کۆڕ و کۆمەلەکانی خەلک دژی رژیم و جینایەتەکانی بەکاری دەهێنان و ئەمڕۆ ئیکسبایر بوون وبۆ شاردنەوەی راستیەکان لەداریان دەدات ،یان ئەمجاریش وەک کەرەسە بۆ ئەوەی ئینسانە سیاسیەکان و زیندانیە پێشوەکانیش لەژێر ناوی ئەو کەسانە لەدار بدات و بیر و رای گشتی فریو بدات.(وەک ئاگادارن چەن کەس لە لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکانیش لە گەڵ ئەم شەپۆلەدا لەدار دراون.)

کوشتن و لەداردان خراپترین و وەحشیانەترین تاوانە و، جێبەجێکردنی لە لایەن هەرکەسێک و لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا و بەهەر شێوەیەکیش بێت مەحکومە و هیچ تۆمەت و تاوانێک ناتوانێ پاساوی ئەو جینایەتە بێت.

لە سەردەمێکدا رژیمی ئێران بە ناوی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئیسلامی ،هەموو رۆژێ بە بەرچاوی ژن و منداڵ و هەموو میدیا جیهانییەکانەوە خەریکی هەڵواسین و لەداردانی خەڵکە کە باسی کوشتن و هەڕەشەی کوشتنیش لە وڵاتانێ کە ئەقڵ سەرچاوەی قانونیانە، تاوانە و سزای تایبەتی بۆ دیاری کراوە.ئەو کارەی رژیم ئەوەندە قیزەون و شەرماوییە کە میدیاکانی دونیای پێشکەوتو ئامادەنەبوون وێنەکانیشی بەتەواوی بڵاو بکەنەوە.

رژیم ترسی شۆڕش هەلیگرتوە و ئارام و قەراری لێبڕاوە و،لەم میانەشدا کوردستان ترساویترین و مەرگاویترین شوێنی ئێران دێتە بەرچاوی،بۆیە ئیدارەی تاوانتاشی (ئیتلاعات) رژیم بە هەموو توانایەوە خەریکی گرتن و تاوان سازگرتنە بۆ رۆڵە بێتاوانەکانی ئەمبەشەی ئێران . لەهەموو توێژ و لایەنەکان مەترسیدارتریش بۆ دەسەڵاتی کۆنەپەرەست و دواکەوتوو چینی رۆشنبیر و زانایان و رۆژنامەنوسانن.لە ناو ئەوانیشدا پوپولەرترینیان خەتەرناکترینیانە بۆ ئەو رژیمەی کە لەسەر درۆ و دەلەسە و زوڵم و هەڵاواردن رەگی داکوتاوە.جا بۆیە دەسدەداتە گرتنی رۆژنامەنوسی وەک عەدنان حەسەنپور و چالاکی مەدەنی و دڵسۆزی ژینگە و خۆشەویستی نەک هەر خەڵک بەڵکو هەموو گیانلەبەران و سەوزاییەکانی کوردستان هیوا بوتیمار و، بە داتاشینی تاوانگەلی پوچ و دوور لە باوڕ بۆ ئەو ئازیزانە ،حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دەسەپێنێ و دەیهەوێ بەم چەشنە خەڵکی کورد چاوترسێن بکات و بێبەزەیی بوون و درندەگی خۆی وەبیر خەڵک بێنێتەوە، نەوەک هەوای بەرەنگاری و شۆڕش لەسەریان بدات.

هاوکات لەگەڵ دەرکردنی ئەو حوکمە نارەوایە، بەکرێگیراوان و جاشە ناوچاوسپیەکانی رژیمیش کەوتونەتە کار و بە تاوانبار کردنی حیزبە سیاسییەکان ئەیانەوێت بە تیرێک دوو نیشان لێدەن.هەم گوناحەکە بخەنە ئەستۆی حیزبەکان

و،هەم تاوانە داتاشراوەکانیش بە راست لەقەلەم بدەن و ئەو بێتاوانانە بە تاوانبار بناسێنن و سزاکانیشیان بکەنە قانونی و دایسەپێنن بەسەریاندا،یا ئەگەر زەخت و گوشاری خەڵک و رای گشتی رژیمی توشی پاشە کشێ کرد و ناچار کران کە حوکمەکان هەڵوەشێننەوە ئەوکات دایبنێن بە حیسابی لوتف و لێبوردوی رژیم. بۆیە لێرەدا ئەرکی سەرشانی هەمومانە کە وێڕای بەشداریکردن لە کەمپەینە پشتیوانییەکاندا ،بە وشیاریەوە بەر بە پیلانەکانی دیکەی رژیم کە دەیهەوێ بە دەستی کەسانێ وەک قانعی فەردەکان جێبەجێی بکات بگرین و هەموو دونیای لێ ئاگادار بکەین.

13.08.2007